# سەرنجەکانی نەزەند بەگیخانی......

پاش ئەوەی کە کابینەی پێنجەمی حکومەت راگەیەنراو تەنها ٣ ژن بۆ پۆستەکان دەستنیشان کرابون، ئەمە بووە هۆی تورەیی رێکخراوەکانو هەڵوێست وەرگرتنیان، سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنانیش پێی باش بوو کە ئەم مەسەلەیە لەرێگای وەرگرتنی راپرسی لە سلێمانیو دەوروبەریو شاری هەولێرو خانەقی رای ژنو پیاو وەربگرێتو هاوکات رای رۆشنبیرانیش لەم بارەیەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دکتۆرە نەزەند بەگیخانی کۆی سەرنجەکانی بۆ پرسیارەکانی رێوان بەم شێوەیە بوو:

من لەسەر یەکە بە یەکەی پرسیارەکان ناوەستم و وەڵامێکی گشتی دەدەمەوە.

بەشداریکردنی ژن لە دەسەڵات وەکو نوێنەرایەتیکردنی نیوەی کۆمەڵگە سیمای سەرەکی دیموکراسیە و لە رووی سیمبۆلیشەوە زۆر گرنگە، کاتێ ئەو بەشداریکردنە نابێ، ئەوە پرنسیپی دموکراسی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

هەروەکو دەزانین پێوەری سەرەکیی سیستەمی دیموکراسی هەڵبژاردنە؛ لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەنگدەر دەنگ بۆ پرنسیپ و بیروباوەڕ و ئامادەگی سیاسیی گروپێک دەدات و چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات کە داواکاری و پێویستییەکانی بباتە ناو رۆژەڤی سیاسییەوە وکار بۆ بەجێهێنانیان بکات. هەڵبژاردنی تەقلیدی کە تێیدا دەنگدەر دەنگ بە پرۆگرامی حیزبی و پرۆژە و ئامانجە نەتەوەییەکان دەدات زۆرجار ناتوانێت نوێنەرایەتی کەمایەتی و رەگەز و جەندەر بکات پێویستییەکانیان دابین بکات.

لەبەرئەوەی کوردستانی عێراق ئیمڕۆ بە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆز و هەستیاردا تێدەپەڕێت، لەوانەیە ئەم لێکدانەوانە نەگونجاو بێنە بەرچاو. سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەک دەکرێت ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستانی عێراق بە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی-نەتەوەی دابنێین. پرۆژە و ئامانجە نەتەوەییەکانیش دەبێ هاوکات لەگەڵ بەدیهێنانی ئاوات و دابینکردنی پێویستییەکانی جەماوەر بچنە پێشەوە. ئیمڕۆ بەشێکی گەورەی جەماوەری کوردستان، بەتایبەتی لە مەیانی ژناندا، خۆیان لەناو پڕۆژەو ئامانجی حیزبە سەرکردەکاندا نادۆزنەوە. ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی نارەزایی و نائومێدی لەناو خەڵك.

ئایا کێ بەرپرسیارە لەم واقیعە، حیزب یا ژن؟ حیزب و ژن دوو یەکەی بەدەر نین لە کۆمەڵگە و هەڵگری بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەن. خاسییەتی هەرە سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوردیی لە نەبوونی یەکسانی جەندەر و زاڵبوونی پیاو بەسەر ژندا رەنگ دەداتەوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو حیزبێکی کوردی بەرهەمی عەقلییەتی کۆمەڵایەتیی کوردییە و کە بۆ حیزب گرنگە برەوی پێبدات، ئەمەش بۆ دوو مەبەست: یەکەم: بەمەستێکی شەعبی و بۆ کارکردن لە رای زۆربە و راکێشانیان بەلای خۆیان، چونکە زۆربە ئیمڕۆ لە کوردستان پشتگیریی لەو عەقلیەتە و پاراستنی پەیوەندییە باوەکان دەکات. دووەم: بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵات، دەسەڵاتی بەهێز لەسەر بێهێز (پیاو بۆ ژن). ئەو پیاوەی کە تەنها لەوە راهاتووە ژن لە چوارچێوەی مەتبەخ و منداڵ بەخێوکردندا ببینێت، بێگومان بەرژەوەندی لەوەدا نیە ژن لە پایەی دەسەڵاتدا ببینێت.

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی عێراق کۆمەڵگەیەکە لە شکان و جینۆساید و شەڕی براکوژی هەڵساوەتەوە، کۆمەڵگەیەکی ماندووە و روانینی بۆ دوارۆژ تەسکە. ژنیش بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە و چەقی ناسنامە و بەها کۆمەڵایەتییەکانیشە، بە واتایەکی دیکە ژن لە خەیاڵی گشتیی کوردیدا هەڵگری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و بەها و رەووشتی باوە و کۆمەڵگە پاراستنی ئەو بەها و رەووشتانەی خستۆتە ئەستۆی ژنەوە. ژنیش بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێ لەناو کۆمەڵگە و نەدۆڕێت، ملکەچی ئەو عەقلیەتە باوەیە.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە، ئافرەتی کورد خۆی لە قالبی ژنبوونیدا تەسك کردۆتەوە، ژنبوونیش لە خەیاڵی گشتیی کوردیدا واتە لاوازی، دابڕان، پاسیڤ و چەوساوە. هۆشیاربوون بەرامبەر بەو ستاتوە وا دەکات ژن خۆی وەکو قوربانی ببینێ، نەک وەکو هێزێکی خاوەن روانین و بەرنامەی سیاسی تایبەت، چەند ژن هۆشیاربن بەرامبەر بە پەراوێزبوونی خۆیان و لە چوارچێوەی مافخوراو و قوربانی خۆیان ببینن و کار و چالاکیان هەڵسەنگێنن، ئەوەندە کورتبین دەبن و توانایان لە دروستکردنی گۆڕان کەم دەبێتەوە. بێگومان هۆشیاریی بەرامبەر بە چەوساوەنەوەو بێمافی پێویستە، بەڵام دەبێ ئەو هۆشیارییە لە پێناوی خوێندنەوەیەکی مەوزوعیانەی واقیعەکە و دانانی ستراتیژییەتی گونجاو بۆ رزگاربوون بەکاربهێنرێت نەك بۆ خولانەوە لەناو بازنەیەکی داخراو و بچوککردنەوەی روانینی ئایندەیی و نەبوونی پرۆژەی سیاسی.

ئافرەتی کورد ئیمڕۆ پیویستی بە هۆشیارییەکی گشتی هەیە بۆ فراژوبوون یا گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی. کە ئەم هۆشیارییە هەبوو، ژنان دەتوانن تەجاوزی سنورە تەسکەکانی کێشە و ململانێی نێوانیان بکەن، لەکاتی پێویستدا پرۆژەی سیاسیی تایبەت و گونجاو دابڕێژن و بیخەنە بەردەستی حیزب و حکومەت. ئەو هەفتەی هەڵوێستە کە رێکخراوە مەدەنییەکان و ژنان و ئافرەتان سازیان کرد، بە رای من گرنگبوو، بەڵام زۆر درەنگ بوو. رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و مافپەروەران دەبووایە لە دوای ١٥ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ ، واتە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە عێراق دەست بکەن بە راوێژکاری و کۆڕ و کۆبوونەوە، پرۆگرامێکی چڕی تایبەت بە بەشداریکردن لە پەرلەمان و حکومەت ئامادە بکەن و بیخەنە بەردەم حیزبە دەسەڵاتدارەکان. ئەمە ئەرکی سەرشانی ژنانە پیاوان ئاگاداربکەنەوە لە داواکاری و پێویستی و پێشنیارەکانیان. ئەگەر ژن خۆی ئەوە نەکات، ئەوە دڵنیابن کە پیاوان بۆیان ناکەن.

جێگای داخە کە ئافرەتی کورد ووزەو کاتێکی زۆر بە ململانێ ی نێوانیان دەکوژن کە لە ئەنجامدا نەك هەر دەبێتە هۆی لاوازکردنیان، بەڵکو گفتوگۆی عەقلانی بۆ بنیاتنانی دوارۆژ لەنێوانیان ناهێڵێت و لە خەیاڵی گشتی پیاوانیش بێبایەخیان دەکات: پیاوان حەز لە بەربەرەکانێ و ململانێ کەمبەهای نێوان ژنان دەکەن و دەیکەن بە بیانوو بۆ »کەمی و بێبایەخی «یان و پاکانەکردنیش بۆ زیاتر لە پەراوێزنانیان لە دەسەڵات.

لە وەڵامی ئەوەی ئایا بوونی ژمارەیەکی زۆری ژنان لە پایەی دەسەڵات دەبێتە هۆی چاککردنی بارودۆخی ژن؟ بەرای من بەشداریکردنی ژن لە دەسەلات نابێ وەکو مەسەلەیەکی ئەریتماتیکی (واتە حیسابی) سەیر بکرێ. لە پێناوی نوێنەرایەتیکردنێکی راستەقینەی ژنان کە ببێتە هۆی ئەوەی پێویستی و داواکارییەکانیان لە رۆژەڤی سیاسیی حکومەتدا رەنگ بداتەوە و کاریان بۆ بکرێ، ئێمە پێویستیمان بە بوونی ژنانی بەتوانا و کارامە و خاوەن ئەزموون هەیە.

گومانی تێدانیە کە بوونی ژنی بەتوانا لە دەسەڵات روانین و تێگەییشتنی کۆمەڵگەش دەگۆڕێت بۆ ژن و رۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا. ئەمەش لە ئاکامدا کار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکسانی جەندەر دەخات. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر ژنێك بەتوانا نەبێت و تەنها لە بەر ئیعتیباراتی تایبەتیی سەر بە خێزان و حیزب بەرزکرابێتەوە، بەڕای من هۆکاری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر روانینی کۆمەڵگە بۆ ژن و لە ئەنجامدا دەبێتە رێگر لەبەردەم بەدیهێنانی یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی. بۆیە من بوونی ژن، بەڵام ژنی بەتوانا، لە دەسەڵات وەکو تەحەددایەك بۆ کۆمەڵگە دەبینم.

لە کۆتایدا، حەز دەکەم بڵێم ئیمڕۆ ژنی کورد لە کوردستان پێویستی بە بوونی کۆمیسۆنێکی ژنان هەیە کە:

١- سترۆکتورێکی چەتری هەبێت.

٢- دەسەڵاتی هەبێت بەسەر پەرلەمان.

٣- نوێنەری تەواوی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە دەستەی بەڕێوەبردنیدا بەشدار بن. ٤- لە دەزگا و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو UN یش نوێنەری هەبێت. کارکردن بۆ دروستکردنی کۆمیسیۆنێکی لەمجۆرە پێویستییەکی گەورە و ئەرکێکی هەنووکەیی هەموومانە.

---

ژیاننامە:

نەزەند بەگیخانی لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کۆیە لە دایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٨٧ دوای تەواوکردنی بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی موسڵ، بەرەورووی هەڕەشەی بەعس دەبێتەوە و ناچار دەبێت وڵات بەجێبهێڵێت و روو دەکاتە ئەوروپا. لە ساڵی ١٩٨٩ زەمالەی خوێندنی لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا پێدەدرێت و دەست دەکات بە خوێندنی باڵا. لە ساڵی ١٩٩٧ بڕوانامەی دکتۆراکەی کە تایبەتە بە »وێنەی ژنی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەوروپیی سەدەی ٢٠/١٩ دا «لە بەشی ئەدەبیاتی بەراووردکاری، زانکۆی سۆربۆن، تەواو دەکات. نەزەند بخاوەنی کۆمەڵێك ووتار و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیە بە زمانی کوردی، فەڕەنسی و ئینگلیزی و ماوەیەک وەکو لێکۆڵەر لە زانکۆ لەندەن کاری کردووە. هەروەها خاوەنی سێ دیوانی شیعریە. ئێستا نەزەند لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە BBCکار دەکات.

* * *

# گەنجان چۆن دەڕوانن بۆ بونی ژنان لە ناوەندی بڕیاردا

ئا/ رێوان

**ناز "ئێمە پێویستمان بەگۆرانە ئەم گۆرانە پیاویان ژنی ناو دەسەلات بیکات بۆ ئێمە گرنگ نیە"**

شادیە قەڵەمەکەی لەنێو پەنجەکانیدا دەهات و دەچوو، چەند دڵۆپێك عارەق نیشتبوە سەر گەندە موەکەی سمێڵی و لەگەڵ هاوڕێکانیدا سەرقاڵی پڕکردنەوەی فۆرمەکان بوو لەگەیشتنی بۆ هەرپرسیارێك سەری هەڵدەبڕی دەیوت ئەرێ ئێوەش راتان وایە پاشان منی دەدیو بە چاوە رەشەکانی زەردەخەنەیەکی دەداو بەبزەیەکی شەرمنانە سەری دادەنەواندەوەو دەستی دەکرد بەوەلامدانەوەی پرسیارەکان بێ ئەوەی لێوەکانی لە جوڵەو سەری لەلەقاندن بکەوێت.

پاش کەمێکی تر سەری هەڵبڕیەوەو ئەمجارە رویکردەوە بۆلای من چی بکەین خۆمان دەزانین چەند سەختە ئەم دوریو لێکنەگەیشتنەی ئێمەو مامۆستا شادیەی خوێندکاری پۆلی چوارەمی زانستی جەمال تاهیر پێ ی وانەبوو کە لەم یەکگرتنەوەی حکومەتیشدا کار بۆ گەنج بکرێت، بۆیە ووتی" ئێمە لە قوتابخانە جگە لە وانەکان زۆر حەزی ترمان هەیە، بەلام ئەوەی لە قوتابخانەدا گرنکە ئەو مادەیەی هەیە لەبەری بکەیتو بۆ مامۆستاکەی بڵێیتو نمرەی بەرزبێنی"، شەیدا کە زۆر حەزی بە خوێندنەوەیەو خولیای شیعری هەیە حەز بە خوێندنەوەی کۆمەڵناسی دەکات بەم شێوەیە گوزارەی لەم خواستەی خۆی کرد "حەزم لە خوێندنەوەی کتێبی کۆمەڵناسی‌یە لەبەر ئەوەی بزانم کێشەکانی کۆمەڵەکەم بە تایبەت گەنج من چۆن چارەسەر بکەم".

شادیە لەگەڵ شەیدای خوشکی پێکەوە لەیەك قوتابخانەن، هاوقۆناغ و هاوپۆلن ئەم خوێندکاری چواری زانستیو شەیدای خوشکیشی پۆلی چواری وێژەیی‌یە لە خێزانێکی سادە باوکی فەرمانبەرەو دایکی ژنی ماڵەوەیە، زۆر حەزی بە خوێندنەوەیەو لەماڵەوە سودمەنددەبن لەخوێندنەوەی ئەو کتێبانەی براکەی کۆلێژی پزیشکی دەیکڕێت شادیە دەڵێت: من سودمەندم لە کتێبەکانی براکەم رۆژنامەکانیش تەنها ئاراستەو هامون دێتە قوتابخانە، ئاراستە لە حانوت دەفرۆشرێت هامونیش تەنها بۆ خوێندکارانە.

نازی تەمەن ١٦ساڵ بە نازێکەوە گلێنەی چاوە کاڵەکانی جولاندو وتی "تەنها ئەوانەی خوێندکارن رۆژنامەیان بۆ دێتو ئەمەش بە خزمەت نازانم، بەڵکو بۆ راکێشانی خوێندکارانە".

ئەو بۆی گرنگ نیە کێ دەبێتە وەزیر، ژن یان پیاو، ئەوەی بۆ ئەم گرنگە کێ خزمەت بە گەنجو قوتابخانەکان دەکات ووتی "ئێمە پێویستمان بەگۆڕانو گرنگی پێدانە، لێمان تێ‌بگەن ئیتر ئەم گۆڕانە پیاوێکی ناو دەسەلات یان ژنێك بیکات، بۆ ئێمە گرنگ نیە".

نازو هاورێکانی تارادەیەك رەشبین بوون هەربۆیە ناز وتی "نازانم بڵێم چی هەرچەند سەیری ئەم کابینەیەو دابەش بونی پۆستەکان دەکەم هەست دەکەم ساڵێکی تریش کەم و کورپەکانمان دەمێنێ".

نازو هاورێکانی داواکاریان هەیەو ئەوان دەڵێن گەر گرنگی بە گەنجو پەروەردە بدرایە، دەبوا توێژەر هەبوایە لە هەموو قوتابخانەکان بە بێ ئەوەی نهێنیەکان ببرێتە دەرەوە بەبێ دەست تێوەردانی بەڕێوەبەر، دەریاش کە خوێندکاری پۆلی چوارەمی وێژەیی گەنجێکی روخۆش بوو ئەو پێ‌ی وایە کە ئەوانەی چونەتە پۆستە حکومیەکانەوە گرنگ نیە ژنن یان پیاو گرنگ تاچەند درك بە خواستو پێداویستی گەنج دەکەن، لەم بارەیەوە وتی "ئێ خۆباشە یەکێتی مامۆستایان ژنیش وپیاویشی تیایە ئەو کێشە گەورەیەمان هاتە رێگە، چییان کرد تەنها بەرێوەبەریان لەپۆستەکەی لابردو خوێندکارەکەشیان دەرکرد"، ئەو پێ‌ی وایە گەر کێشەی تریش روبدات هەرئاوا چارەسەری دەکەن، دەریا وتی"تا ئێستا مەکتەبی هەڵکەوت پێمان دەڵێن ئێوە مەکتەبی ژنانن، خوشکێکم لە زانکۆ وەرگیراوە رۆژی یەکتری ناسین وتویانە تۆ لە مەکتەبی ژنانەوە هاتوی".

دەریاش کە خوێندکاری چوارەمی وێژەییەوە زیاتر حەز بە خوێندنەوەی کتێبی سیاسەت و کۆمەڵناسی دەکات هەڵی دایەو وتی "ئاخر چەند ساڵە پۆستەکان هەر بەسەر ئەمانەدا دابەشکراون لە حکومەتو وەزارەت چییان بۆ خوێندکارو مامۆستا کردوە؟"

هەروەها وتی "بەنمونە بۆ یەکەمجار کۆڕ لەم قوتابخانەیە گیرا مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبکر هات رێگەیان دا تەنها نوێنەری خوێندکاران بچێت گوێی لێ بگرێت، من زۆر پاڕامەوە لە مامۆستاکەم بچمە ژورەوە هەندێکیشیان لەو دیو دەرگاکەوە گوێیان گرتبوو".

شەیدا دەڵێت "ئێمە تەنها وانەیەك پار زۆر بە ئارەزوی خۆمان گوێمان لێ گرتبێت و سودمان لێ بینیبێت وانەی ماف بوو، مامۆستا ژیانی ماف زۆر هیلاکە پێمانەوە".

لەم بارەیەوە مامۆستا ژیان وتی "ئەم قوتابخانەیە بەهرەی زۆری تێدایە، قوتابیەکان زیرەکن، بەڵام گرنگی کەمیان لەم روەوە پێ دەدرێت، وتی"وانەکەی من مافە تەنها وانەیەکە خوێندکار لەسەر ئارەزوی خۆی گوێ ی لێ‌دەگرێت".

هەر دەربارەی بەهرەی خوێندکارەکان وتی "چەندین خوێندکار هەیە شیعری جوانیان هەیەو دەنوسن نازانین لەکوێ بۆیان بلاوبکەینەوە".

سەبارەت بەرەشبینی خوێندکاران ئەو وتی "ئەزانی ئەم رەشبینیەیان لەچیەوە هاتوە، ئەوان گەنجنو لەکۆمەڵێکی وادا کێشەشیان بێتە رێگە پەنا بۆ کێ بەرن، کۆمەڵ سەرکوتیان دەکات".



فێرخوازانی جەمال تاهیر